کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

کاك رەفعەت، ژانی گەل باسی ئیبراهیم ئەحمەد ناکات

بەڕێز کاك رەفعەت فیلمی ژانی گەل لەرۆمانی ژانی گەل وەرگیراوە کە ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویەتی.

پێموایە بۆ کەسێکی نووسەر بەتایبەت کە وەك جەنابت زۆر بنووسێت،خوێندنەوە زۆر پێویستە و ئەکرا پێش ئەو نووسینەت چاوێك بەرۆمانەکەدا بخشێنیت تا بزانیت ئەو رۆمانە جگە لەوەی نووسەرەکەی ئیبراهیم ئەحمەدە،نە باسی خۆی نەباسی سەرکردەی تیا نییە.

ئەو رۆمانە باسی بەشێك لەخەباتی خەڵکی کوردستان و دڕندەیی دوژمنەکانی ئەکات لەڕێی بەسەرهاتی کوڕێکی گەنجەوە کە بێتاوان تووشی زیندان و ئەشکەنجە ئەبێت و دواتر هاوسەرەکەی ئەمرێت و ئەبێت بە پێشمەرگە.

دیارە جەنابت ویستووتە پەنجا بەپەنجا رەخنە بگریت،ئەگینا سەیرە ئەو رۆمانەت نەخوێندبێتەوە و هیوادارم بیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت.

لەگەڵ رێزدا

باست